No: ژمارە: ١٥١/٩

Date: / / ڕێکەوت: ٤/ ١/ ٢٠١٧ ی زایینی

١٥/ ١٠/ ٢٧١٦ ی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
* دەرکردە *

بۆ/ گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەرێز سەرۆکی زانکۆ

نووسینگەی بەرێز ی.سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا

ب/ گشتاندن

سڵاو و ڕێز ....

سەبارەت بە پرۆسەی خوێندنی باڵا/ماستەر و دکتۆرا بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠١٦-٢٠١٧ ) لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ بەرێزتان ڕوون دەکەینەوە بە مەبەستی پەیرەوکردن و جێبەجێکردنی:

یەکەم: سەبارەت بە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی کار بکرێت بە ناوەڕۆکی هەردوو ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی ماستەر و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی دکتۆرا، بۆ ئەم مەبەستەش زانکۆتان هەڵدەستێت بە دەرکردنی دوو فەرمانی زانکۆیی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- فەرمانی زانکۆیی یەکەم بۆ ئەوانەی توانستی زمانی ئینگلیزیان بە پێی ڕێنماییەکان هەیە ئەوا دەبن بە قوتابی/خوێندکار و وەردەگیرێن لە خوێندنی ماستەر یان دکتۆرا و ڕاستەوخۆ لە ڕێکەوتی (٢-١-٢٠١٧) دەست بە کۆرسی ئەکادیمی دەکەن، پێویستە وێنەیەک لە فەرمانە زانکۆییەکە لەگەڵ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی ناوبراوان بۆ (وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان) ڕەوانە بکرێت. هەروەها هەر وەک لە ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٥)ی ماستەر و ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی دکتۆرا هاتووە ئەگەر لە بەشێکی زانستی بە تەنها یەك قوتابی/ خوێندکاری ماستەر یان دکتۆرا وەرگیرا یان بە تەنها کاندید بوو کە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی هەبوو، ئەوا خوێندنەکەی دوادەخرێت بۆ سیسمستەری داهاتووی خوێندن، لە حاڵەتی هەبوونی هەمان پسپۆری لە زانکۆیەکی دیکە ئەوا تاکە قوتابی/خوێندکارە دەتوانێت تەنها کۆرسەکانی خوێندن بە شێوەی میوانداری وەربگرێت و دواتر توێژینەوە و تاوتوێکردنی ماستەرنامەکەی لە زانکۆی خۆی ئەنجام بدات. بۆ ئەم مەبەستەش زانکۆکان هەماهەنگی دەکەن لە نێوان خۆیاندا لەسەر ئەم بابەتە.

٢- فەرمانی زانکۆیی دووەم بۆ ئەو کاندیدانە کە تاوەکو ئێستا توانستی زمانی ئینگلیزیان بە پێی ڕێنماییەکان نیە، بۆیە فەرمانی کاندیدبوونیان بۆ دەردەکرێت و خوێندنی ئەکادیمیان دوادەخرێت بۆ سیمستەری داهاتووی خوێندن، لە کاتی بەدەستهێنانی مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی لە سیمستەری داهاتووی خوێندن ئەوا فەرمانی زانکۆیی کاندیدبوونیان دەگۆڕدرێت بۆ فەرمانی زانکۆیی وەرگیراو و بوون بە قوتابی/خوێندکار. هەروەها پێویستە ئەو کاندیدانە ئاستی بەرەوپێشبردنی زمانی ئینگلیزیان لە لایەن زانکۆوە چاودێری بکرێت لە ڕێگای بەشداری لە سەنتەرەکانی زمانی ئینگلیزی زانکۆکان یان دەرەوەی زانکۆکان یاخود ناوی خۆی تۆمار بکات بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی زمانی ئینگلیزی ( -TOEFL-IBT, TOEFL-PBT, IELTS, PTE )، وە مەرجە کاندیدەکان نووسراوی پشتگیری بەشداری و بەرەوپێشچوونی ئاستی توانستی زمان یان بەڵگەی خۆتۆمارکردن پێشکەش بە زانکۆکانتان بکەن لە ماوەی مانگێکدا (لە ڕێکەوتی دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی مانگەگە ئەژمار

دەکرێت)، بە پێچەوانەوە فەرمانی سرینەوەی ناو (ترقين قيد)یان بۆ دەردەکرێت لە زانکۆکانتان و دەرچووەکانی دوای خۆیان بە پێی ریزبەندی شوێنیان دەگرێتەوە.

٣- ئەو کاندیدانەی خاڵی (٢)ی سەرەوە کە مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزیان نیە، دەتوانن مۆڵەتی خوێندن بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی زمان ئینگلیزی وەربگرن بە مەرجێک ماوەی مۆڵەتەکە لە ساڵێک زیاتر تێپەر نەکات. ئەمە جگە لە ماوەی مۆڵەتی خوێندن کە بۆ ماستەر دوو سالە و بۆ دکتۆرا سێ ساڵە.

تێبینی/سەبارەت بە شێوازی مۆڵەتەکە (بە مووچە یان بێ مووچە)،ئەوا بە پێی رێنماییەکان مامەڵە لەگەڵ هەر کاندیدێک دەکرێت

**دووەم/** جەخت لەسەر (برگەی ب/لە تێبینی خاڵی٢-مەرجی توانستی زمانی ئینگلیزی/ لە تەوەری یەکەم) لە رێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠١٦)ی ماستەر دەکەینەوە هەروەها (برگەی ب/لە خاڵی٣-مەرجی توانستی زمان/ لە تەوەری یەکەم) لە رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی (٢٠١٦)ی دکتۆرا دەکەینەوە کە تیایدا هاتووە پێویستە لەسەر زانکۆکان لەمەودوا راست و دروستی (صحة صدور) بۆ بڕوانامەی توانستی زمانی ئینگلیزی تاقیکردنەوەکانی وەکو (TOEFL-IBT, TOEFL-PBT, IELTS, PEARSON -PTE) بکەن کە کاندیدەکان بەدەستیان هێناوە، بۆیە زانکۆکانتان بەرپرسن لەم بابەتە. وە وێنەیەک لە ئەنجامدانی راست و دروستی (صحة صدور)ەکە بۆ وەزارەت/ فەرمانگەی توێژینەوە و پەرەپێدان بنێردرێت.

**بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست... لەگەڵ رێزدا...**

**د. یوسف گـۆران**
**وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**وێنەیەک بۆ:**

* نووسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* نووسینگەی بەرێز راوێژکارانی وەزیر (٢)/ بۆ زانین/ لەگەڵ رێزدا.
* دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ هەمان مەبەستی سەرەوە/ لەگەڵ رێزدا.
* گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ زانین/ لەگەل رێزدا.
* بەرێوەبەرایەتی خوێندنی باڵا/ لەگەڵ بەرابیەکان.
* دەرکردە/خولاو.